بە زیرەکی دەستکرد چاودێری هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق دەکرێت

کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان دەڵێت، بە زیرەکی دەستکرد چاودێری هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق دەکرێت و لە بەرواری ٩ی ئاب تیرۆپشک بە ژمارەی کاندید و هاوپەیمانییەکان ئەنجامدەدرێت.

ئەمڕۆ سێشەممە ٢٩ی تەممووزی ٢٠٢٥، دکتۆر عیماد جەمیل، سەرۆکی تیمی راگەیاندنی کۆمسیۆن بە ڕۆژنامەی سەباحی راگەیاند، ئەنجومەنی کۆمیسیۆن ڕەزامەندی داوە لە چاودێریکردنی هەڵبژاردنەکان لە ڕێگای زیرەکی دەستکردەوە.

وتیشی، بڕیارە خولێکی زیرەکی دەستکرد ئامادەبکرێت تایبەت بە چاودێریکردنی هەڵبژاردنەکان.

باسی لەوەشکرد، تا ئێستا ٤٠٪ی ئامێرەکانی دەنگدان ئامادەکراون و ڕۆژی ٩ی ئاب وەک وادەی تیرۆپشکی ژمارەی هاوپەیمانی و حزب و کاندیدی تاکەکەسی بە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق دیاری کراوە.